لەڕێبەری ڕێنماییەکانی ٥- ٨ تایبەت بە بونیادنان یان دامەزراندنی کڵێسایە . * بڕۆ و جارِی موژدەی شانشینی خودا بدە ٤٨ وانەیە لە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٩ – ١٢ تایبەت بە فراوانبوونی شانشینی خودایە.

پاشکۆی ١

کۆیلە دەستپاکەکان (دڵسۆزەکان) و کۆیلە ناپاکەکان

" نمونەی کۆیلە دەستپاکەکان و ناپاکەکان " لە مەتا ٢٤: ٤٥- ٥١ ؛ لۆقا ١٢: ٤٢- ٤٨ تایبەتە بە خزمەت لە نێو شانشینی خودا .

مەتا 24: 45- 51 ؛ لۆقا ١٢: ٤٢- ٤٨ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟

تێبینیەکان .

بەڕێوەبەر یاخود (لێپرسراوی) کۆیلەو خزمەتکارەکان .

گەورەی کۆمەڵێك لە خزمەتکار و کۆیلە لەسەر گەشتکردن بوو بۆ گەشتێکی درێژخایەن ، پێش ئەوەی گەشتەکەی بکات خزمەتکارێکی هەبوو متمانەی پێی زۆری پێ هەبوو دەستنیشانی کرد بە لێپرسراوی خزمەتکارەکان و کۆیلەکانی تر . لەم پلە نوێیەدا تەنها لێپرسراوی

خزمەتکارەکانی تر نیە بەڵکو دەبێت بایەخ بدات بەتایبەتی بە دابین کردنی پێویستیەکانیشیان چونکە کاتێ سەرپەرشتیار یان لێپرسراو نەبێت بەسەر کۆیلەو خزمەتکارەکانەوە قورس دەبێت کارەکانیان بەباشی ڕاپەڕێنن .

گەڕانەوەی گەورەکە .

گەڕانەوەی گەورەکە کتوپڕەو چاوەڕوان نەکراوە کەسیان کات و کاژێرەکەی نازانن بۆیە ، لێپرسراوی خزمەتکارەکان وێناکردنە بۆ دڵسۆزی ودەستپاکی یان ناپاکی ، وە بە گەڕانەوەی گەورەکە کاریگەریەکی تەواو جیاوازی دەبێت لەسەر کۆیلەی دڵسۆز یان ناپاك.

دەستخۆشی و ئافەرینکردنی کۆیلەی دڵسۆز و دەستپاك .

گەر کۆیلە دڵسۆز بوو لە بەڕێوەبردنی کارەکان و سەرکاریەکەی کە پێی سپێردراوە و بە خواستی گەورەکەی کاری کرد ئیدی گەورەکەی لە گەڕانەوەیدا دەیکات بە لێپرسراوی هەموو مولکەکانی .

سەرزەنشتکردنی کۆیلەی ناپاك .

بەڵام گەر کۆیلە ناپاك بوو لە بەڕێوەبردندا و ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە سەرزەنشت دەکرێت ولەکاتی گەڕانەوەی گەورەکەیدا پارچە پارچە دەکرێ و فڕێ دەدرێتە نێو دۆزەخەوە بڕوانە ئاشکراکردن ٢١: ٨ ؛ مەتا ٢٥: ٤٦ .

٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٢: ٣٥- ٤١ .

هەروەها بڕوانە لۆقا ١٣: ٢٣- ٢٤ .

پەترۆس گوتی: «گەورەم، ئەم نموونەیە بە ئێمە دەڵێی یان بە هەمووان؟

بەڵام عیسا وەڵامێکی ڕاستەوخۆی نەدایەوە ئەمەش دوبارە ڕویدا لە لۆقا ١٣: ٢٣- ٢٤ دا ڕەنگە ئەوەی عیسا دەیڵێت ئەوەیە (ئەوەندە خۆتان بەو پرسیارانەوە سەرقاڵ مەکەن ئەوەی کە دەبێت بیکەن ئەوەیە کۆشش بکەن وهەوڵ بدەن خزمەتکارێکی دەستپاک و دڵسۆز و دانا بن) .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٢: ٤٢- ٤٦ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٢: ٤٧- ٤٨.

خوداوەند دەفەرموێت : "ئەو کۆیلەیەش کە خواستی گەورەکەی دەزانێت، ئامادە نابێت و بە خواستی ئەو ناکات، زۆری لێ دەدرێت. بەڵام ئەوەی نازانێت و کردەوەکەی شایانی لێدانە، ئەوا کەمی لێ دەدرێ. ئەوەی زۆری دراوەتێ داوای زۆری لێ دەکرێت، ئەوەش زۆری لەلا دانراوە داوای زیاتری لێ دەکرێت." لۆقا ١٩: ١٧ ، ١٩ .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

بزانە :عیسا واتایەکی دیاریکراوی نەداوە بە هیچ کام لە وردەکاریەکانی ئەم نمونەیە .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی کۆیلەی دڵسۆز و ناپاک لە مەتا ٢٤: ٤٥- ٥١ ؛ لۆقا ١٢: ٤٢- ٤٦ فێرمان دەکات لەبارەی " خزمەت لە شانشینی خودا " . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : دەبێت باوەڕداران بە هەڕەمەکی بێ گوێدانە کارەکان و بێ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی مامەڵە نەکەن لەوەی دەیانەوێ لەژیانیاندا ئەنجامی بدەن ، چونکە خودا لێپرسینەوە دەکات لەگەڵ هەموو خزمەتکارێکدا لەبارەی ئەرک و ئەو کارەی پێی سپاردوە .

خزمەت بنەمایەکی سەرەکیە لە شانشینی خودا . گەلی خودا خزمەت دەکەن و تەواوی دەکەن بە دەستپاکی و دڵسۆزی لە هەموو ئەو خزمەت و کارانەی خودا بۆیانی دیاری کردوە .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : هەریەك لەم بەشانە چیمان فێر دەکات بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی نمونەکە فێرمان دەکات؟

کۆیلە/خزمەتکار و ئەرکە دیاریکراوەکەی .

هەر کۆیلەیەك ئەرکێکی بۆ دیاری کراوە . عیسا لە مەرقۆس ١٣: ٣٤ دا دەفەرموێت "وەك پیاوێك گەشتی کردبێت، ماڵەکەی بەجێهێشتبێت و

دەسەڵاتی دابێتە کۆیلەکانی، هەریەکە و بە ئیشی خۆی، دەرگاوانیشی ڕاسپاردبێت ئێشك بگرێت."

داواکراوە لە هەر کۆیلەیەك دەستپاک و دڵسۆز بێت بڕوانە ١کۆرنسۆس ٤: ١- ٢ .

هیچ کۆیلەیەك نازانێت کەی گەورەکەی دەگەڕێتەوە تا خزمەتەکەی بپشکنێت و هەڵسەنگاندنی بۆ بکات . بڕوانە مەرقۆس ١٣: ٣١- ٣٥ .

کۆیلە / خزمەتکار و بەرپرسیارێتی .

بەرپرسیارێتی کۆیلە جیاوازە بەپێی ئەو کارەی پێی دەسپێردرێت . وە بەرپرسیارێتی دەگونجێت لەگەڵ بڕی زانیاری ئەوەی هەیەتی لەگەڵ ئەو دەرفەتەی پێی دەدرێت لەکارەکەیدا .

لێڤیەکان ٢٦: ١- ٤٦ بخوێنەوە : گوێرایەڵی و یاخی بوون

خودا خەڵاتی گوێڕایەڵەکان دەکات و سزای یاخی بوان دەدات.

ژمارە ١٥: ٢٢- ٣١ ؛ زەبور ١٩: ١٢- ١٣ : یاخی بوونی بێ مەبەست و یاخی بوون و ئاڵنگاری بە مەبەست .

لۆقا ١٢: ٤٧- ٤٨ ؛ ٢٣: ٣٤ ؛ کردار ٣: ١٧ ؛ ١تیمۆساوس ١: ١٣ : گێلایەتی یان زانیاری و یاخی بوون . لۆقا ١٢: ٤٨ بخوێنەوە .

هەروەها ئامۆس ٣: ٢ ؛ مەتا ١٠: ١٥ ؛ ١١: ٢٠- ٢٤ بخوێنەوە . نابێت هەڵبژاردنی خودایی و بەرپرسیارێتی مرۆیی لەیەکتر جیابکرێنەوە . ئیسرائیل گەلێك بوو خودا هەڵیبژارد لەنێوان گەڵانی سەر زەوی تا ببێتە گەلی تایبەتی خۆی ، هەروەها سزای گوناهەکانی دەدات وە ئەو شارانەی عیسای مەسیح مزگێنی تێدا ڕاگەیاند و کاری پەرجوی تێدا کردن و تۆبەیان نەکرد سزایەکی توند دەدرێن زیاتر لە سزای ئەو شارە خراپەکارانەی هیچ دەرفەتێکیان و بژاردەیەکیان نەبوو بەو شێوەیە.

کۆیلە / خزمەتکار و یاخی بوون .

بۆچی دەبێت سزای ئەو کۆیلە/ خزمەتکارە بدرێت کە خواستی گەورەکەی نازانێت ؟ چۆن دەبێت سزا بدرێت کە نازانێت ؟

ڕۆما ١: ١٨- ٢١ ؛ ٢: ١٤- ١٦ بخوێنەوە . نەزانی یان نەفامی ، گێلایەتیەکی ڕەها نیە ! کەس ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە هیچ زانیاریەکی نیەو هیچ نازانێت لەبارەی خوداو خواستەکانی خودا .

یۆحەنا ٣: ١٦- ١٨ ، ٣٦ ؛ ڕۆما ٨: ١ ؛ ١کۆرنسۆس ٣: ١٤ ؛ کۆمکار ١٢: ١٤ ؛ یاقوب ٢: ١٤- ١٧ ؛ ژمارە ١٦: ١- ٣٥ ؛ ٣یۆحەنا ٩ بخوێنەوە : ئەو پێوەرەی سەرچاوەی گرتوە لە دادوەریدا باوەڕە .

خودا دادگایی و دادوەریی هەموو خەڵکی دەکات بەپێی باوەڕیان یان بێباوەڕیان بە پەیامەکەی .

کۆیلە / خزمەتکار و هاتنەوەی دوەم .

دەبێت هەڵوێست و هەڵسوکەوتی خزمەتکاران چۆن بێت تایبەت بە هاتنەوەی گەورەکەیان ؟

١سالۆنیکی ٥: ١- ٣ بخوێنەوە ! هەروەها ٢سالۆنیکی ٢: ١- ٢ ؛ ٣: ٦- ١٢ بخوێنەوە . دەبێت باوەڕداران بەشێوەیەك چاوەڕوانی هاتنەوەی دوەمی عیسای مەسیح نەکەن بە شڵەژاویی وەکو گەلی کڵێسای سالۆنیکی.

ئاشکراکردن ٢: ٨- ١٢ بخوێنەوە . دەبێت باوەڕداران چاوەڕوانی هاتنەوەی دوەمی عیسای مەسیح بکەن بە شێوەیەك کە بە دڵسۆزی و دەستپاکی و چالاکانەو تینوگوڕەوە بژین وەکو کڵێسای سەمیرنا . ئەوە تاقە شێوازە کە چاوەڕوانی هاتنەوەی دوەمی عیسای مەسیحی پێ بکرێت بە بەردەوامی و لە خزمەتی عیسای مەسیحدا بن بە دڵسۆزیی !

٦. کورتەی فێرکردنی کتێبی پیرۆز لەبارەی خزمەتەوە.

بڕوانە پاشکۆی ٤ .